# استخلاص معاني التعبيرات اللغوية في اللغة الكردية

د. گۆنا عمر عبدالله
جامعة السليمانية / كلية اللغات - قسم اللغة الكردية
gona.abdulla@univsul.edu.iq

م.م.شاهو صالح حمەحسين
جامعة السليمانية / كلية اللغات - قسم اللغة الكردية
shaho.hamahussein@univsul.edu.iq

**الكلمات المفتاحية**: اللسانيات المعرفية، التصوّر ، الإبراز، الشكل والخلفية، التنميط ، الحركة التخييلية.

**كيفية اقتباس البحث**

عبدالله , گۆنا عمر , شاهو صالح حمەحسين , استخلاص معاني التعبيرات اللغوية في اللغة الكردية,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آب ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٨ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# Extracting the Meanings of Linguistic Expressions in the Kurdish Language

**Dr. Gona Omar Abdullah**
**University of Sulaimani / College of Languages - Department of Kurdish Language**
**gona.abdulla@univsul.edu.iq**

**Assistant Lecturer Shaho Saleh Hamahussein**
**University of Sulaimani / College of Languages - Department of Kurdish Language**
**shaho.hamahussein@univsul.edu.iq**

**Keywords** : Cognitive Linguistics, Construal, Prominence, Figure and Ground, Profiling, Fictive Motion.

**How To Cite This Article**
Abdullah , Gona Omar ,Shaho Saleh Hamahussein , Extracting the Meanings of Linguistic Expressions in the Kurdish Language ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, August 2026,Volume:16, Issue 8.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

Language is not only a means of transmitting information, but also a conscious process that shows how one understands and organizes one's experiences in the world around one. Thus, cognitive linguistics begins with the view that meaning is the result of the relationship between language, consciousness, and life experience, not just the product of grammatical rules. Therefore, most linguistic concepts are interpreted through conscious mechanisms and are related to actual human experience. This study investigates the concept of construal and its role in meaning construction in the Kurdish language from the perspective of

Cognitive Linguistics. The study is based on the assumption that meaning is not merely the product of grammatical and lexical structures; rather, it is closely related to the speaker's construal and the cognitive mechanisms involved in human conceptualization.

The research examines the major dimensions of construal, including subjectivity and objectivity, specificity and schematicity, cognitive scanning, fictive motion, prominence, attentional framing, figure–ground organization, and profiling. These concepts are discussed both theoretically and analytically. To illustrate their functions, examples from the Kurdish language are analyzed within the framework of Cognitive Linguistics, demonstrating how different linguistic expressions influence meaning construction and guide the listener's attention.

The findings indicate that many differences among linguistic expressions do not arise from differences in objective reality; rather, they result from differences in the speaker's construal, the prominence assigned to particular conceptual elements, the profiling of specific aspects of a conceptual structure, and the direction of attention. Furthermore, the study shows that language is not merely a means of transmitting information, but also a cognitive tool for organizing and conceptualizing human experience.

**الملخص**

اللغة ليست مجرد وسيلة لنقل المعلومات، بل هي عملية واعية تُظهر كيف يفهم المرء تجاربه في العالم المحيط به وينظمها. ومن هنا، ينطلق علم اللغة المعرفي من فكرة أن المعنى هو نتاج العلاقة بين اللغة والوعي والتجربة الحياتية، وليس مجرد نتاج للقواعد النحوية. ولذلك، تُفسَّر معظم المفاهيم اللغوية من خلال آليات واعية، وترتبط بالتجربة الإنسانية الواقعية. تهدف هذه الدراسة إلى بحث مفهوم التصوّر (Construal) ودوره في بناء المعنى في اللغة الكردية من منظور اللسانيات المعرفية. وتنطلق الدراسة من فرضية مفادها أن المعنى لا يُعدّ مجرد نتاجٍ للبنى النحوية والمعجمية، بل يرتبط ارتباطًا وثيقًا بطريقة تصوّر المتكلّم والآليات المعرفية التي يعتمدها الإنسان في بناء المفاهيم.

وتتناول الدراسة الأبعاد الرئيسة للتصوّر، ومنها :الذاتية والموضوعية، والتخصيص والتجريد ، والمسح المعرفي، والحركة التخييلية، والإبراز، وإطار الانتباه، وعلاقة الشكل والخلفية، والتنميط .وقد عُرضت هذه المفاهيم عرضًا نظريًا وتحليليًا، مع تحليل نماذج من اللغة الكردية في ضوء اللسانيات المعرفية؛ لبيان الكيفية التي يؤثر بها اختيار أساليب التعبير في بناء المعنى وتوجيه انتباه المتلقي.

وتُظهر نتائج الدراسة أن كثيرًا من الفروق بين التعبيرات اللغوية لا ترجع إلى اختلاف الواقع الخارجي، وإنما تعود إلى اختلاف طرائق التصوّر لدى المتكلّم، وإبراز عناصر مفهومية معينة، وتنميط جوانب محددة من البنية المفهومية، وتوجيه الانتباه إليها. كما تؤكد الدراسة أن اللغة ليست مجرد وسيلة لنقل المعلومات، بل هي أيضًا أداة معرفية لتنظيم الخبرة الإنسانية وبناء التصورات الذهنية.

## هەڵهێنجانی واتای دەربڕاوە زمانییەکان لە زمانی کوردیدا


د. گۆنا عمر عبداللە
زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زمان- بەشی کوردی
gona.abdulla@univsul.edu.iq

م.ی.شاهو صالح حمەحسین
زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زمان- بەشی کوردی
shaho.hamahussein@univsul.edu.iq



**پوختە**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە شیکردنەوەی چەمکی هەڵهێنجان (Construal) و ڕۆڵی لە دروستکردنی واتا لە زمانی کوردیدا، توێژینەوەکە لە ڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردنەوە ئەنجامدراوە. بنەماکەی لەسەر ئەو بیرۆکەیە دامەزراوە، کە واتا تەنها بەرهەمی پێکهاتەی ڕێزمانی و فەرهەنگی نییە، بەڵکو پەیوەندی بە شێوازی هەڵهێنجانی قسەکەر و میکانیزمە هۆشەکییەکانی مرۆڤەوە هەیە.

لە توێژینەوەکەدا بنەما سەرەکییەکانی هەڵهێنجان، وەک بابەتیبوون و خۆیبوون، گشتیبوون و تایبەتمەندی، پشکنینی هۆشەکی، جوڵەی خەیاڵی، بەرجەستەکردن، چوارچێوەی سەرنج، شێوە و پاشبنەما و پرۆفایل بە شێوەیەکی تیۆری و شیکاری باسکراون، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم چەمکانە، نموونەی زمانی کوردی هێنراون و لە ڕوانگەی زمانەوانیی درکپێکردنەوە شیکراونەتەوە، بۆ ئەوەی پیشانبدرێت، کە هەڵبژاردنی شێوازی دەربڕین چۆن کاریگەری لەسەر دروستبوونی واتا و ئاڕاستەکردنی سەرنجی گوێگر هەیە.

هۆکاری جیاوازیی زۆرێک لە دەربڕاوە زمانییەکان بەهۆی جیاوازی ڕاستیی دنیای دەرەوە نییە، بەڵکو بەهۆی جیاوازیی شێوازی هەڵهێنجانی قسەکەر، بەرجەستەکردنی توخمەکان، پرۆفایلکردنی بەشێک لە چوارچێوەی چەمکی و ئاڕاستەکردنی سەرنج دروستدەبێت. هەروەها توێژینەوەکە دەریدەخات، کە زمان ئامرازێکە بۆ ڕێکخستنی ئەزموونی هۆشەکیی مرۆڤ، نەک تەنها ئامرازێک بێت بۆ گواستنەوەی زانیاری.


کلیلە وشەکان : زمانەوانیی درکپێکردن، هەڵهێنجان، بەرجەستەکردن، شێوە و پاشبنەما، پرۆفایل، جوڵەی خەیاڵی.

**پێشەکی :**

زمان تەنها ئامرازێک نییە بۆ گواستنەوەی زانیاری، بەڵکو پێڕەوێکی هۆشەکییە، کە شێوازی تێگەیشتن و ڕێکخستنی ئەزموونەکانی مرۆڤ لە جیهانی دەوروبەری پیشاندەدات. بەم پێیە، زمانەوانیی درکپێکردن (Cognitive Linguistics) لەو بۆچوونەوە دەستپێدەکات، کە واتا دەرئەنجامی پەیوەندیی نێوان (زمان، هۆش و ئەزموونی ژیان)ە، نەک تەنها بەرهەمی یاسا ڕێزمانییەکان. بۆیە زۆربەی چەمکە زمانییەکان لە ڕێگەی میکانیزمە هۆشەکییەکانەوە لێکدەدرێنەوە و پەیوەستن بە ئەزموونی ڕاستەقینەی مرۆڤەوە.

ئەم توێژینەوەیە، هەوڵدەدات ئەم بنەما هۆشەکیيانە لە چوارچێوەی زمانەوانیی درکپێکردندا شیبکاتەوە و پیشانیبدات، کە چۆن زمان، لە ڕێگەی هەڵبژاردنی پێکهاتە زمانییەکان، هەمان بارودۆخ بە شێوازی جیاواز دەنوێنێت و ئاڕاستەی تێگەیشتنی گوێگر دیاریدەکات. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی( هەڵهێنجانی واتای دەربڕاوە زمانییەکان لە زمانی کوردیدا) ورد و زانستیانە مەبەستیەتی تیشك بخاتەسەر پێواژۆی هەڵهێنجان (Construal) ە، کە یەکێکە لە گرنگترین بابەتەکانی زمانەوانیی درکپێکردن. ڕێبازی توێژینەوەیەکە ڕێبازی درکپێکردنی شیکاریانەیە، کەرەستەکەشی لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی قسەپێکەرانی زمانی کوردی کرمانجی ناوەڕاست وەرگیراون، سنوری کارکردنی ئەم توێژینەوەیە پەیوەستە بە سروشتی تیۆری بەکاربراو، بۆ دوو بەش دابەشکراوە: بەشی یەکەم بە ناونیشانی(زانستی زمانی درکپێکردن و تیۆری هەڵهێنجان)بۆ زانستی زمانی درکپێکردن و تیۆری هەڵهێنجان تەرخانکراوە و بەشی دووەمیش بە ناونیشانی (فۆرمە نوێتراوەکانی کردەی هەڵێنجان لە زمانەوانی درکپێکردندا) بۆ کردەسەرکییەکانی هەڵهێنجان بەگشتی و لە زمانی کوردیدا بە تایبەتی تەرخانکراون، کە یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتنی قووڵتر لە چۆنیەتی دروستبوونی واتا و کارکردنی زمان لە ئاستی هۆش و درکپێکردندا، لە کۆتایشدا گرنگترین ئەنجامە بە دەستهاتووەکان خراونەتەڕوو.

**١/ زانستی زمانی درکپێکردن و تیۆری هەڵهێنجان:**

**١/١) زانستی زمانی درکپێکردن:**

زانستی زمانی درکپێکردن، ڕێبازێکە بۆ لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان زمان بە تێگەیشتنەوە ، ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٧٠، ئەم ڕێبازە لە پەیوەندی نێوان زمانی مرۆڤ، ئاوەز و ئەزموونی کۆمەڵایەتی و فیزیکی دەکۆڵێتەوە. هەرچەندە بنەماکانی ئەم بوارە ڕەگەزی فەلسەفی هەیە، بەڵام کاریگەر بووە بە تیۆرییەکانی زانستی درکپێکردنی دەروونی و زانستی زمان و زانستی مێشك بەتایبەت زانستی درکپێکردنی دەماریی. بە شێوەیەکی گشتی، زانستی زمانی درکپێکردن هەوڵدەدات پەیوەندی نێوان زمان و ئەزموونی مرۆڤ لە جیهاندا شیبکاتەوە . (Evans et) al. 2007:2-3 دەتوانرێت وەک چوارچێوەیەکی زمانەوانیی بەهێز بۆ لێکۆڵینەوە لە زمان، پێڕەوی چەمکی، تێگەیشتنی مرۆڤ و چۆنیەتی بنیادنانی واتا پێناسەبکرێت. بە واتایەکی تر (ڕێبازێکی نوێی زمانەوانیی ئاوەزییە و لە سەر بنەمای لێکۆڵینەوە لە واتا هاتووەتەئاراوە) (ئەحمەد، ٢٠٢٢: ١٠)، بەمجۆرە چەق سەرەکی لێکۆڵینەوەکانی لە سەر بنەمای واتا بونیادناوە، بە پێچەوانەی بەرهەمهێنانەوە، کە کار لە سەر سینتاکس دەکات، لە بوارەکانی

زماندا، زانستی زمانی درکپێکردن گرنگی بە ڕێکخستنی چەمکە بنەڕەتییەکان دەدات، وەك (فەزا و کات، دیمەن و ڕووداو، قەوارەو پێواژۆکان، جوولە و شوێن، هێز و هۆکار) بە واتایەکی تر، زانستی زمانی درکپێکردن، باوەڕیوایە کە زمان تەنها پێڕەوێکی ڕێزمانی نییە، بەڵکوو ئاوێنەی شێوازی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی مرۆڤە لە جیهانی دەوروبەری (Fauconnier, 2014:5)لەبەرئەوەی ئەمانەش لە نێوان مرۆڤەکاندا جیاوازن، بۆیە تێگەیشتن و داڕشتنی کەرەستە زمانییەکان جیاوازدەبن، بە ڕادەی تێگەیشتن و درکپێکردن و پەیپێبردنی ئاخێوەران بۆ دەوروبەرەکەیان.

لەم زانستەدا، زمان وەک ئامرازێک بۆ لێکۆڵینەوە لە شێوازی ڕێکخستن و داڕشتنی چەمکەکان بەکاردێت. ئامانجی سەرەکی ئەم بوارە تێگەیشتنە لە پێواژۆ هۆشەکییەکان، وەک نواندنی زانیاری، بنیادنانی واتا و چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لە تێگەیشتن لە دنیایی دەرەوە. لەم ڕوانگەیەوە، ئەو لقەی زانستی زمانی درکپێکردن، کە سەرنجی خۆی دەخاتە سەر واتا و پێواژۆکانی دروستبوونی، بە سیمانتیکی درکپێکردن[1]( Cognitive Semantics)ناسراوە ((Evans & Green, 2006.

سیمانتیکی درکپێکردن[2] لێکۆڵینەوەیە لە پەیوەندی نێوان ئەزموون، پێڕەوی چەمکی و داڕشتەی سیمانتیکی، کە لەلایەن زمانەوە کۆدکراوە. ئامانجی سیمانتیکی درکپێکردن ئەوەیە، کە لە نواندنی کۆزانین (داڕشتەی چەمکی) و بنیادنانی واتا (بەچەمککردن) بکۆڵێتەوە (Evans et al. 2007:5). لەبەرئەوە، لێکۆڵینەوەکانی سیمانتیکی درکپێکردن گرنگی تەنها بە واتا نادەن، بەڵکو گرنگی تەواو بە ئاوەزی مرۆڤیش دەدەن " لێکۆڵینەوە لە سیمانتیکی درکپێکردن، بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە ناوەڕۆکی چەمکی و ڕێکخستنی لەناو زماندا" (Talmy,2000:4) ئەمە واتای ئەوەیە، کە سیمانتیکی درکپێکردن واتای زمانی وەك داڕشتەی چەمکی دەخاتەڕوو.

سیمانتیکی درکپێکردن زیاتر چوارچێوەیەکی لێکۆڵینەوەییە لەوەی تیۆرییەکی تاک بێت. بۆیە، چەندین تیۆری و چەمکی بنەڕەتی لە ناو ئەم چوارچێوەیەدا گەشەیانکردووە، کە یەکێک لە گرنگترینیان پێواژۆی هەڵهێنجان (Construal Operations) ە .

دیاردەی هەڵهێنجان، ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە سیمانتیکی درکپێکردندا دەگێڕێت و لەلایەن ژمارەیەک زمانەوانی سیمانتیکی درکپێکردنەوە لێکۆڵینەوەی لێکراوە. بەچەمککردنی دیمەنە جووڵاوەکانی ناو ئاوەزی مرۆڤ یەکێکە لە ئاڵۆزترین گرفتەکانی سیمانتیکی درکپێکردن. ئەو دیمانانە وەک

---

[1] زانستی زمانی درکپێکردن لە دوو لقی سەرەکی پێکدێت، کە بریتیین لە:
ا-سیمانتیکی درکپێکردن
ب-ڕێزمانی درکپێکردن (بۆ زنیاری لە سەر ڕێزمانی درکپێکردن، بڕوانە (عبداللە:٢٠٢٣)
لەبەرئەوەی توێژینەوەکەی ئێمە زیاتر پەیوەستە بە سیمانتیکی درکپێکردنەوە، بۆیە باسی ڕێزمانی درکپێکردنمان نەکردووە.

[2] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی سیمانتیکی درکپێکردن و بنەماکانی بڕوانە:
ا-غەریب (٢٠١٦)
ب- ڕەحیم (٢٠٢٢)

ڤیدیۆیەک وان لە کۆمەڵێک وێنەی جووڵاو پێکهاتوون ،کە بە هەندێك پەیوەندی بە یەکترەوە گرێدراون. ڕۆماننووسێکی شارەزا وەک نیگارکێشێک وایە، کە توانای هەیە ڕاستی و واقیع بە وشە پیشانبداتەوە. سەختیی کارەکە لەوەدایە، کە چۆن دیمەنێک بە وردترین شێوە وێنادەکات، بە جۆرێک، کە خوێنەر هەست بکات خۆی ئەو دیمەنە دەبینێت (Abdulkareem & Mubarak, 2022:131)، ئەم توێژینەوەیە مامەڵە لەگەڵ پێواژۆی هەڵێنجان لە زماندا دەکات، بۆ ئەوەی ڕوونیبکاتەوە چۆن دیمەنەکان لەلایەن مرۆڤەوە دەبینرێن و چۆن زمان ئەو دیمانانە پێشکەشدەکات.

### ٢/١) هەڵهێنجان Construal:

یەکێکە لە چەمکە سەرەکییەکانی زانستی زمانی درکپێکردن، بە واتەی شێوازی تێگەیشتن و وێناکردنی واتا، ئەم چەمکە ئاماژە بە یەکێک لە کردارە درکپێکردنە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ دەکات، بە واتایەکی تر، هەڵهێنجان ئەو کردارە بنەڕەتییە درکپێکردنەیە، کە یارمەتی هەڵبژاردنی ئەگەری پێکهاتەیی گونجاو لەنێوان چەند ئەگەرێکی جیاوازدا دەدات، کە شێوازی جیاوازن بۆ بینینی دۆخێک، یان دیمەنێکی دیاریکراو و بەمەش بڕیار لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان دەدرێت. "وا دادەنرێت، کە بەکارهێنەری زمان توانای ئەوەی هەبێت، کە یەک دۆخی هاوشێوە بە ژمارەیەک لە شێوازی جیاواز هەڵهێنجان بکات و واتای جیاوازی لێ دەربهێنێت" (Langacker,2008:43)بۆ نموونە، کاتێک "قسەکەرێک، کە بە وردی چاودێری دابەشبوونی شوێنیی هەندێک ئەستێرە دەکات، دەتوانێت بەشێوەی جیاواز پەسنیانبکات، وەک ئەستێرەیەک، وەک کۆمەڵێك لە ئەستێرەکان، وەک خاڵە ڕووناکییەکان لە ئاسماندا و هتد. ئەم دەربڕینانە لە ڕووی واتاوە جیاوازن، ڕەنگدانەوەن بۆ هەڵهێنجانە جیاوازەکانی قسەکەر لەسەر دیمەنەکە، کە هەریەکەیان لەگەڵ تایبەتمەندییە بەرچاوەکانیدا دەگونجێت " (Langacker, 1991: 61). ئەم چەمکە ئاماژە بە ئەو شێوازە جیاوازانە دەکات، کە قسەکەر دەتوانێت هەمان دۆخ یان ڕووداوێک لە زمانەوە پەسنبکات، دەکرێت ئاماژە بەوەش بکرێت، کە "واتای هەموو دەربڕاوە زمانییەکان تەنها بەهۆی ناوەڕۆکە چەمکییەکانەوە پاڵپشتی ناکرێت، بەڵکو هاوتا بە ناوەڕۆکەکان، خاڵی گرنگیش چۆنییەتی گوزارشتکردن و خستنەڕووی ئەم ناوەڕۆکانەیە"(غەریب، ٢٠١٦:٥٥)، کە ئەمانەش ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە کردەی هەڵهێنجانەکەوە هەیە.

کردەکانی (هەڵهێنجان) لەلایەن ژمارەیەك لە زمانەوانانی بواری زمانەوانیی درکپێکردنەوە شیکراونەتەوە، کە ئەوانیش (ڕۆناڵد لانگەکەر ١٩٨٧، ٢٠٠٨) ، (لیۆنارد تالمی ١٩٨٨، ٢٠٠٠)، (ولیام کرۆفت و ئالان کرووز، ٢٠٠٤)ن .

لە مێژووی گەشەی کردەکانی هەڵهێنجاندا، ڕۆناڵد لانگاکەر (١٩٨٧) یەکەمین پۆلێنکردنی بۆ کردەکانی هەڵهێنجان پێشکەشکردووە، لە کتێبی Foundations of Cognitive Grammar کردەکانی هەڵهێنجانی بۆ سێ پێکهاتە دابەشکردووە، ئەوانیش (ڕێکخستنی سەرنج، پەیپێبردن و ئەبستراکتکردن) ن، ئەم پۆلێنکردنە بنەمای گەشەی دواتری تیۆری هەڵهێنجان بوو.

پاشان، لانگاکەر لە ساڵی ١٩٩٣ لە کتێبەکەیدا لە بەشی Universals of Construal پێداچوونەوەی بە ئەم پۆلێنکردنەدا کردووە و کردەکانی هەڵهێنجانی بە چوار پێکهاتەی نوێ ڕێکخست، کە بریتین لە ( تایبەتمەندی، بەرجەستەکردن، پەیپێبردن، داینامیکی ) ئەم پۆلێنکردنە دواتر لانگاکەر لە کتێبی *Cognitive Grammar: A Basic Introduction* (2008)زیاتر پەرەیپێدا و وەک چوارچێوەی باوی کردەکانی هەڵهێنجان لە زمانەوانی درکپێکردندا جێگیر بوون . بڕوانە (Duong, 2021:4-8) .

لە تیۆری هەڵهێنجاندا، کردەکانی هەڵهێنجان بە گشتی لەسەر دوو بنەمای سەرەکی ڕێکدەخرێن:

**یەکەم:** ئەو کردانەی پەیوەستن بە ڕێکخستنی بینین، ئەوانیش بریتین لە( چوارچێوەی بینین، ڕوانگە، بابەتیبوون و خۆیبوون ، گشتیبوون و تایبەتمەندی، پشکنینی هۆشەکی و جووڵەی خەیاڵی)

**دووەم :**ئەو کردانەی پەیوەستن بە بەرجەستەبوون، ئەوانیش بریتین لە ( چوارچێوەی سەرنج، شێوە و پاشبنەما، پرۆفایلکردن).

لەم توێژینەوەیەدا، ئەم چەمکانە پەیوەست بە دەربڕاوە زمانییەکانی زمانی کوردییەوە شیدەکرێنەوە.

## ٢) فۆرمە نوێنراوەکانی کردەی هەڵێنجان لە زمانەوانی درکپێکردندا:

### ١/٢) ڕێکخستنی بینینViewing Arrangement :

ڕێکخستنی بینین واتە قسەکەر و گوێگر چۆن شتەکان دەبینن و لە کام بارودۆخدا قسەدەکەن. ئەمە تەنها وشەکان نییە، بەڵکو پەیوەندی نێوان کەسەکان و شوێن و کاتیش دەگرێتەوە. لە ڕێکخستنی ئاساییدا، هەردوو لا لە یەک شوێنن و ڕووداوە ڕاستەقینەکان لە دەوروبەری خۆیان پەسندەکەن و زۆرجار ئەم حاڵەتە، وەک شتێکی ئاسایی و خۆکار وەرگیراوە، چونکە هەموومان وەک هەمان دیدگا دەبینین. بەڵام کاتێک لەم حاڵەتە دەربچین، دەچینە دۆخی پرسیارکردن، فەرمان یان ڕووداوە خەیاڵییەکان، ئەوا دەبینین، کە شێوازی ڕستە و واتاش دەگۆڕێت، هەروەها دەتوانین قسە لە سەر شتێک بکەین ، کە ڕاست نییە، داهاتووە یان خەیاڵییە.

هەروەها شوێنی بینەر گرنگە، چونکە هەمان ڕووداو دەتوانرێت لە دیدگای جیاوازەوە پەسنبکرێت و واتای جیاواز دروستبکات، وەک چۆن لە قسەی ڕۆژانەدا دەتوانین لە شوێن و کاتی جیاوازدا قسە بکەین، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا بە پێی بارودۆخەکە(Langacker,2008:73-78). وەک لە نموونەی (١) دا دیارە:

١.ا.مێزەکە لە چێشتخانەکەدا دانراوە.

ب. مێزەکەم لەگەڵ هەڵبگرە.

پ.ئەگەر مێزەکە لە شوێنێکی تر بووایە ژوورەکە فراوانتر دەبوو.

ت. مێزەکە لە لای ڕاستە.

ج. مێزەکە لەلای چەپە.

نموونەی (١.١) ڕێکخستنێکی ئاسایی پێشاندەدات، لە (١.ب) و (١.پ) دا، ڕێکخستنەکە گۆڕاوەو بووە بە فەرمان و خەیاڵی و واتاو شێوازی ڕستەکەش گۆڕاوە، لە (١.ت) و(١.ج) هەڵهێنجانەکە بەپێی شوێن و دیدگای ئەو کەسەی شتەکانی لێوە دەبینێت، دەگۆڕێت، تەنانەت دوور و نزیکی و چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی ئەو باردۆخەی، کە ئاخێوەری تێدایە، هەڵبژاردنی ئەو لایەنەش بۆ گوزارشتەکە بەکاردێت دەبێتە هۆی ئەوەی کاریگەریی لە سەر دەربڕاوەکان هەبێت.

### ٢/١-١) چوارچێوەی بینین/ Viewing frame :

لە کاتی سەیرکردنی دیمەنێکدا، دەتوانین لە دوورییەکی زیاتر یان نزیکتر ڕابوەستین، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی چوارچێوەی بینینمان فراوانتر یان سنووردارتر بکات، زمان ئەم جیاوازیە لە ڕێگەی دەربڕینی جۆراوجۆرەوە پیشاندەدات ( شوێنێکی بابەتییە لە ناو چوارچێوەی بیرکردنەوەیەکدا، کە تیایدا بیرۆکەیەک دەردەخرێت. ئەم شوێنە سنووری گشتی ئاراستەی تێڕامان و سەرنجی بینەر دیاریدەکات (دەتوانرێت وەک سەر تەختەی شانۆ پەسنبکرێت ) هەر لایەنێک لە جیهانی بیرکردنەوەی هاوبەش لەوانەیە لەم چوارچێوەیەدا دەربکەوێت و لەو کاتەدا سەرنجیان بۆ ئەوە تەرخاندەکرێت (Verhagen, 2007:425-426). بە واتایەکی تر، چوارچێوەی بینین بریتییە لە ڕوانینی دۆخێک یان بەشێک لە دۆخێک، کە بینەر بە ڕاستەوخۆ دەستی پێیدەگات و تێیدا دەتوانێت ببینێت و تێبگات و زمانیش وەك ئامراز بەکاردێت بۆ نواندنی ئەوەی بینەر لە چ شوێنێکەوە بابەتەکە دەبینێت . چوارچێوەی بینین لەڕووی هۆشەکییەوە قەبارەیەکی جێگیری هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو شتەی لێی دەڕوانین قەبارەکەی جیاوازە وەک لە نموونەی (٢) دا دیارە:

٢. ئەم پاسە لە سلێمانییەوە دەڕوات بۆ دهۆك.

ئەگەر تۆ وەک چاودێرێک لە فرۆکەیەکەوە، یان لە ڕێگەی درۆنێکەوە سەیری دۆخەکە بکەیت، ئەوا فراوانترین چوارچێوەی بینینت هەیە، چونکە تەواوی ڕێگای پاسەکە، لەگەڵ هەردوو خاڵی دەستپێک و کۆتایی لەو دوو شارە و هەروەها ناوچەکانی دەوروبەریان، لە بەرچاوتدا دەبن و لە چوارچێوەی مەیدانی بینینەکەتدایە. هەروەها کاتێک سەیری نەخشەی تۆڕی هاتوچۆی ڕێگاوبانی نێوان ئەو دوو شارە لەبەرچاو دەگریت، ئەوا فراوانترین چوارچێوەی دیمەنی ڕێڕەوی پاسەکەت دەبێت، بەڵام کاتێک لەناو پاسەکەدا دانیشتوویت، ئەو دیمەنەی لە پەنجەرەی کورسییەکەتەوە دەیبینیت، تەنها ئەو بەشەی ڕێگاکەت پیشاندەدات، کە لەو ساتەدا پیایدا تێپەڕ دەبیت. خاڵی دەستپێکی ڕێگاکە و خاڵی کۆتاییەکە لە دەرەوەی چوارچێوەی بینینن، هەرچەندە بە دڵنیاییەوە دەزانیت ئەو گەشتە هەموو کات دەستپێک و کۆتایی هەیە، لەوکاتەدا تۆ چوارچێوەی بینینێکی سنووردارت هەیە.
بە شێوەیەکی سادە، چوارچێوەی بینین وەک کامێرایەک وایە، هەتا زیاتر نزیکبێتەوە، مەیدانی بینین سنووردارتر دەبێت و هەتا دوورتر بێت، مەیدانی بینین فراوانتر دەبێت.

**٢-١/٢) ڕوانگە viewpoint:**

ڕوانگە بریتییە لەو خاڵەی بینین و تێڕوانینەی، کە قسەکەر لێیەوە شتێک یان ڕووداوێک هەڵدەهێنجێت و دەیخاتە ڕوو، لە زانستی زمانی درکپێکردندا ڕوانگە وەك میانیزمێکی درکپێکردن یان کردەی هەڵهێنجانی بابەتێک یان شتێک لە ئاخاوتنندا لە ڕوانگەی قسەکەرەوە ( چەمکدانەرەوە) دادەنرێت. کردەی هەڵهێنجان، کە لەلایەن قسەکەرەوە ئەنجامدەدرێت، کاریگەری لەسەر دۆخی درکپێکردنی بیسەر دەبێت. بە واتایەکی تر، ئەو شێوەیەی قسەکەر بابەتێک دەبینێت و دەیخاتە ڕوو، کاریگەری لەسەر تێگەیشتنی گوێگر دادەنێت (Duong, 2021:18) هەر ئەزموونێک یان ڕووداوێک دەتوانرێت لە چەندین ڕوانگەی جیاوازەوە هەڵهێنجان بکرێت، بۆیە قسەکەر زۆرجار ناچار دەبێت بڕیار بدات، کە چۆن شتێک، دیمەنێک یان بارودۆخێک پەسنبکات یان بیخاتە چوارچێوەی بیرکردنەوەی خۆی، واتە هەمان ڕووداو دەتوانرێت لە ڕوانگەی جیاوازەوە باسبکرێت و هەر ڕوانگەیەک جۆرێکی جیاوازی تێگەیشتن دروستدەکات. وەک نموونەی (٣):

٣.ا. خانووەکە لەسەر گردەکەوە دیارە.

ب. خانووەکە لەسەر گردەکەوە دەبینم.

لەم دوو ڕستەیەدا، دیمەنەکە یەکسانە، بەڵام لە (٣.ا)دا سەرنج لەسەر دەرکەوتنی خانووەکەیە، لەکاتێکدا لە (٣.ب)دا قسەکەر خۆی وەک چاودێر دەخاتە ناو دیمەنەکە، بۆیە ڕوانگەکە گۆڕاوە. لە پەیپێردنی بینراودا، هەمیشە لە ڕوانگەی خۆتەوە یان لە خاڵی ڕوانگەی خۆتەوە سەیری دۆخێک دەکەیت، واتە لەو شوێنەوە، کە وەک چاودێر تێیدا هەڵکەوتوویت، بەڵام لە درکپێکردندا ڕەنگە دیدگای کەسێکی دیکە وەربیگریت یان هەڵیبژێریت، بۆ نموونە:

٤.ا. وەفدەکە گەیشتنە هەولێر.

ب. وەفدەکە هاتنە هەولێر.

هەردوو ڕستەکە باس لە هەمان ڕووداو دەکەن، بەڵام جیاوازییان لە ڕوانگەی قسەکەردایە، لە (٤.ا ) دا قسەکەر تەنها ڕووداوەکە وەک گەیشتنێک دەخاتە ڕوو. سەرنج لەسەر کۆتایی گەشتەکەیە، نەک لەسەر پەیوەندی نێوان قسەکەر و شوێنی گەیشتن، واتە ڕوانگەکە بێلایەنترە، تەنها زانیاری دەدات، کە وەفدەکە گەیشتووە .لە ( ٤.ب)دا قسەکەر هەولێر وەک ناوەندی ڕوانگە هەڵدەبژێرێت. زۆرجار کرداری (هاتن) کاتێک بەکاردێت، کە جووڵەکە بەرەو شوێنی قسەکەر یان شوێنێک بێت، کە قسەکەر خۆی بە خاوەنی دەزانێت.

لە زمانی کوردیدا هەندێک کردار و دەربڕین بە شێوەیەکی سروشتی گۆشەنیگای قسەکەر یان گوێگر دەردەبڕن، بۆ نموونە، جیاوازی نێوان (هاتن و چوون) لەسەر بنەمای ناوەندی ئاماژەیی دیاریدەکرێت. کاتێک جووڵەکە بەرەو شوێنی قسەکەر یان شوێنێک بێت، کە قسەکەر خۆی بە ناوەند دەزانێت، کرداری (هاتن) بەکاردێت، بەڵام کاتێک جووڵەکە لە قسەکەر دوور دەکەوێتەوە، کرداری( چوون) بەکاردێت، وەک:

١.٥. براکەم دێت بۆ ماڵەکەمان.

ب. من دەچم بۆ زانکۆ.

لەم دوو نموونەیەدا، هەڵبژاردنی کردارەکە پەیوەستە بە گۆشەنیگای قسەکەر، نەک تەنها بە خودی جووڵەکە. بۆیە قسەکەر وەک ناوەندی ئاماژەیی کاردەکات و کردارە ئاماژەییەکان بە گوێرەی شوێن و گۆشەنیگای ئەو هەڵدەبژێردرێن. جگە لەمانەش فۆرمی تری ڕوانگە هەیە، بەتایبەت لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، کە تێیدا جیاوازی پلە و دەسەڵات هەیە. بۆ نموونە:

١.٦. با ئێستا بخەوین.

ب. با بچین دەست بشۆین.

پ. لەمەودوا دەبێت باشتر بخوێنین.

١.٧. ئێستا دەچین پشکنینەکە ئەنجامدەدەین.

٧.ب. ئیتر دەبێت دەرمانەکانمان بخۆین.

لەم نموونانەدا، قسەکەر بە مەبەست جێناوی (ئێمە) لە جیاتی (تۆ) بەکاردێنێت، بۆ ئەوەی هەستێکی نزیکی، هاوسۆزی و هاوبەشی دروستبکات. لە نموونەی ( ١.٦) و(٦.ب) دا، زۆرجار دایک یان باوک ئەم دەربڕاوانە بە منداڵەکانیان دەڵێن، لە کاتێکدا تەنها منداڵەکانیان مەبەستە و لە نموونەی (٦.پ ) دا مامۆستا بە خوێندکارەکانی دەڵێت یاخود دایک و باوک بە منداڵەکانیان، هەروەها لە نموونەی (١.٧) و(٧.ب) دا، پزیشک یان پەرستار دەتوانێت بە نەخۆشێک بڵێت. بەم شێوەیە، گۆشەنیگای قسەکەر لەگەڵ گۆشەنیگای گوێگر یەکدەگرێتەوە و سنووری نێوانیان کەمتر دەبێت. ئەمەش یەکێکە لەو شێوازانەی، کە زمانی کوردی بەهۆی گۆڕینی گۆشەنیگا و هەڵبژاردنی جێناوەکانەوە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەستەکانی قسەکەر دەردەبڕێت.

### ٣-١/٢) بابەتیبوون و خۆیبوون/Objectivity and subjectivity:

مرۆڤ بەشێکە لە جیهانی دەوروبەری خۆی، بۆیە تێگەیشتن و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو جیهانەدا بنیاددەنێت، لە تیۆری هەڵهێنجاندا، دۆخێک دەتوانرێت بە شێوەیەکی بابەتی یان خۆیبوون هەڵبهێنجرێت (بریتییە لە پێشکەشکردنی دۆخێک بە شێوەیەک، کە قسەکەر یان گوێگر لە دەرەوەی دۆخەکە بوەستێت و بێلایەنانە باس لە ڕووداوەکە بکات. بە پێچەوانەوە، خۆیبوون (Subjectivity) بریتییە لەوەی قسەکەر بە جۆرێک خۆی بخاتە ناو دۆخەکە و هەڵوێست، هەست یان لێکدانەوەی خۆی لە دەربڕینەکەدا دەربخات (Radden & Dirven, 2007:25) . بە واتایەکی تر، لە بابەتیبووندا قسەکەر تەنها وەک چاودێرێکی بێلایەن ڕووداوەکە پەسندەکات، بەڵام لە خۆیبووندا ئامادەبوونی قسەکەر لە دەربڕینەکەدا

هەستپێدەکرێت، جا ئەوە بە بەکارهێنانی جێناوە کەسییەکان بێت، یان بە دەربڕینی هەڵوێست و هەستەکانی، بۆ نموونە:

٨.ا. سەرۆکی زانکۆ بڕیاریدا تاقیکردنەوەکان دوا بخات.

ب. من بڕیارم دا تاقیکردنەوەکان دوا بخەم.

پ. بەداخەوە، بڕیارەکە زیانی لە خوێندکاران دا.

لە نموونەی( ٨.ا) دا ئاخێوەر، تەنها ڕووداوەکە بە شێوەیەکی بابەتی دەگوازێتەوە و هیچ ئاماژەیەک بە هەڵوێست یان هەستی خۆی ناکات، بۆیە دەربڕینەکە بابەتییە، لە ( ٨.ب) دا بەکارهێنانی جێناوی سەربەخۆی (من) بە ئاشکرا پیشانیدەدات، کە بۆچوونەکە هی ئاخێوەرە، بۆیە هەڵهێنجانەکە خۆییبوونە. لە نموونەی ( ٨.پ) دا، هەرچەندە جێناوی (من) نەهاتووە، بەڵام وشەی (بەداخەوە) هەڵوێستی و هەستی قسەکەر دەردەخات، کە ئەمە نیشانەی خۆییبوونی دەربڕینەکەیە.

### ٤-١/٢) گشتێتی و تایبەتمەندی/Generality and specificity:

لە تیۆری هەڵهێنجاندا، گشتیبوون و تایبەتمەندی ئاماژەن بە ئاستی وردبینیی ئەو شێوەیەی دۆخێک یان بابەتێک دەردەبڕدرێت. هەرچەندە قسەکەر وشەیەکی گشتیتر هەڵبژێرێت، هەڵهێنجانەکە گشتیتر دەبێت و هەرچەندە وشەکە تایبەتتر بێت، دیمەنەکە بە وردتر دەردەکەوێت، بەپێی ( لانگاکەر ٢٠٠٨)چەمکەکانی گشتیی و تایبەتمەندی پەیوەستن بە "ئەو ئاستی وردبینی و وردەکارییەی، کە بارودۆخێك تێیدا تایبەتمەند دەکرێت" (Langacker,2008:55) چەمکەکانی گشتیبوون و تایبەتمەندی پەیوەندییان بە ئاستی وردی و سەرنجی/ تێڕامانی ئەوەوە هەیە، کە دیمەنێک یان ڕووداوێک چۆن دەبینرێت یان لە ئاوەزدا پێکهاتەی بۆ دروستدەکرێت. کاتێک لە دوورەوە سەیری شتێک دەکەین، زۆرجار تەنها وێنەیەکی گشتی لێوەردەگرین. بەڵام کاتێک لە نزیکەوە یان بە ئامێرەکانی وەک میکروسکۆپ یان دووربین سەیریدەکەین، وردەکارییەکانی باشتر دەبینین. بۆ نموونە، لەم ڕستانەی خوارەوە ئامێرەکانی گواستنەوە (ئۆتۆمبێل) بە ئاستە جیاوازەکانی گشتیبوون و تایبەتمەندی دەردەبڕدرێت:

٩.ا. هاوڵاتیان بۆ چوونە سەر کارەکانیان هۆیەکانی گواستنەوە بەکاردەهێنن.

ب. شەوی ڕابردوو لە شەقامی سەرەکی بەشێک لە ئۆتۆمبێلەکان پێکدادانیان کردووە.

پ. دوێنێ شەو پیکابێک خۆی کێشابوو بە عەموودێکدا.

ت. دوێنێ شەو ئۆتۆمبێلێکی سپی جۆری تۆیۆتا هایلۆکس مۆدێلی ٢٠٢٤ وەرگەڕابوو.

هەرچەندە وشەی تایبەتیتر بەکاربهێنرێت، وێنەی دۆخەکە لە بیری بیسەردا وردتر دەبێت. ئەمەش دەریدەخات، کە هەڵبژاردنی وشە لە زماندا کاریگەری ڕاستەقینەی لەسەر چۆنیەتی بینینمان بۆ جیهان هەیە، هەریەکێک لەم شێوازانەی دەربڕین واتای تایبەتی خۆی هەیە. لە

نموونەی (١.٩) دا فرێزی (هۆیەکانی گواستنەوە) زۆر گشتییە، لە ( ٩.ب) وشەی ( ئۆتۆمبێل) تایبەتترە، لە (٩.پ ) دا وشەی( پیکاب) تایبەتترە لە ئۆتۆمبێل و لە ( ٩.ت) دا ناوی کۆمپانیایەکی تایبەت براوە ،کە ئۆتۆمبێلی جۆری پیکابیان هەیە ئەویش( تویتای هایلۆکس)ە لەگەڵ ئەوەشدا مۆدێل و ڕەنگەکەشی دیاریکراوە، بۆیە زۆرترین ئاستی تایبەتمەندی بەراورد بە ڕستەکانی تر هەیە.

بەم شێوەیە، گشتیبوون و تایبەتمەندی پیشانیدەدەن ،کە هەڵبژاردنی وشە تەنها جیاوازییەکی فەرهەنگی نییە، بەڵکوو جۆری هەڵهێنجانی قسەکەر دیاریدەکات و کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئەو جۆرەی، کە گوێگر لە دیمەنەکە تێدەگات هەیە ، بۆ نموونە وشەی گشتی هۆیەکانی گواستنەوە لە ڕاپۆرتی هاتووچۆ یان لەلایەن دەزگای هاتووچۆوە زیاتر بەکاردێت. بەڵام وشەی ئۆتۆمبیل وشەیەکی ئاسایی و باوە، کە خەڵکی زۆر لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاریدەهێنن. لە هەمانکاتدا، ناوە تایبەتەکانی وەک (تۆیۆتای هایلۆکس) و جۆرەکانی تری ئۆتۆمبیل زۆرجار لەلایەن شارەزایانی ئۆتۆمبێل، میکانیکەکان یان ئەوانەی حەزیان لەو بواری ئۆتۆمبێلە بەکاردێن. بۆیە، هەمان شت دەتوانرێت لەلایەن کەسانی جیاواز و لە بارودۆخە جیاوازەکاندا بە ئاستی جیاوازی وردبینی و تایبەتمەندی ببینرێت و دەربڕدرێت.

(پۆلە وشەییەکان زۆرجار بۆ جیاکردنەوەی تایبەتمەندییە وردەکان بەکاردێن، بەڵام پۆلە ڕێزمانییەکان زۆرتر چەمکە گشتییەکانی وەک کاتی ئێستا، ڕابردوو و داهاتوو دەردەبڕن. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێزمانیش دەتوانێت ئاستە جیاوازەکانی تایبەتمەندی دەربخات. بۆ نموونە، جیاوازی نێوان ناوی ژمێردراو و ناوی نەژمێردراو یەکێکە لەو شێوازانەی، کە ئاستی گشتیبوون و تایبەتمەندی تێیدا ڕۆڵدەبینێت). (بڕوانە: Radden & Dirven, 2007:23، Talmy, 2000: 82-84 و Langacker,2008:244-245)

### ٥-١/٢) پشکنینی هۆشەکی Mental scanning:

مرۆڤ چۆن بە چاو پشکنین بۆ شتەکان دەکات، بە هەمان شێوە هۆشەکیانە پشکنین بۆ ڕووداو و بارودۆخاکان دەکات ( پشکنینی هۆشەکی بریتییە لە هەڵهێنجانی بارودۆخێک بە گوێرەی ئەو قۆناغانەی، کە لە کاتدا پێیدا تێدەپەڕێت) (Langacker,2008:82 ) بە واتایەکی تر، بریتییە لە شێوازی کارکردنی بیر و هۆشی مرۆڤ، کە بەهۆی ئەوەوە لە دۆخێک یان ڕووداوێک تێدەگات و پەسنی دەکات، دوو شێوازی پشکنینی هۆشەکی هەیە:

#### ١.پشکنینی زنجیرەیی sequential scanning :

پشکنینی هۆشەکی دۆخێک لە هەموو قۆناغە یەک لە دوای یەکەکانیدا پێیدەوترێت پشکنینی یەک لە دوای یەکی یان زنجیرەیی، لە جۆری پشکنینی زنجیرەییدا ئاوەز هەر قۆناغێکی ڕووداوەکە بە جیاوازی و بە ڕیز هەڵدەهێنجێت بە جۆرێک، کە هەر قۆناغێک دوای قۆناغێکی تر دێت، وەک سەیرکردنی فیلمێک. بۆ نموونە:

١٠.ا. خوێندکارەکە فۆرمی وەرگرتنی زانکۆی پڕکردەوە .

ب. لە کۆلێجی زمان وەرگیرا و دەستی بە خوێندن کرد .

پ. دوای تەواوکردنی خوێندن، بوو بە مامۆستا.

ئەم سێ ڕستەیە نموونەیەکی پشکنینی زنجیرەیین، چونکە خوێنەر هۆشەکیانە پشکنین بۆ ڕووداوەکان بە ڕیز و قۆناغە یەک لە دوای یەکەکان لە ئاوەزیدا دەکات.

**٢. پشکنینی کۆکراوە summary scanning:**

پشکنینی کۆکراوە پەیوەندی بە شێوازی پشکنینی هۆشەکییەوە هەیە، کە تێیدا هەموو قۆناغەکانی ئەو بارودۆخە لە یەک کاتدا ئەنجامدەدرێت، لە پشکنینی کۆکراوەدا، ئاوەز هەموو بارودۆخەکە وەک یەک گشت دەبینێت، نەک وەک زنجیرەیەک لە قۆناغە جیاوازەکان، بەڵکو هەموو ڕووداوەکە وەک یەک چەمک یان یەک زانیاری دەبینێت.

١١. بوون بە مامۆستا پێویستی بە شارەزاییە.

لە ڕستەی (١١)دا، پێواژۆی (بوون بە مامۆستا) بە قۆناغە جیاوازەکانی وەک (خوێندن، دەرچوون، دامەزراندن...) پێشکەشناکرێت، بەڵکو وەک یەک چەمکی تەواو هەڵدەهێنجرێت. بۆیە خوێنەر هەموو پێواژۆکە وەک یەک گشت لەبەرچاو دەگرێت، کە ئەمە تایبەتمەندی پشکنینی کۆکراوەیە.

**٦-١/٢) جوڵەی خەیاڵی Fictive motion:**

جوڵەی خەیاڵی یەکێکە لە دیاردە گرنگەکانی زمانەوانیی درکپێکردن. جۆرێکی تایبەتی پشکنینی هۆشەکییە تێیدا شتێکی جێگیر و ناجووڵاو بە شێوەیەک پەسندەکرێت، کە وەک ئەوە بێت بجوڵێت، هەرچەندە لە ڕاستیدا هیچ جووڵەیەکی فیزیکی ڕوونادات. ( لە ئاوەزی مرۆڤدا دوو شێوازی نواندنی هەمان دیمەن بوونی هەیە، یەکەمیان نواندنی ڕاستەقینەی دیمەنەکەیە، دووەمیان نواندنی خەیاڵییە، کە بۆ ئاسانکردنی تێگەیشتن بەکاردێت، لە بواری زماندا، یەکێک لە دیاردەکانی ئەم جۆرە تێگەیشتنە جووڵەی خەیاڵییە . لەم دیاردەیەدا، شتێک کە لە ڕاستیدا جێگیر و بێجووڵەیە، بە شێوەیەک پەسندەکرێت، کە وەک ئەوەی بجولێت) (Talmy, 2000:101). ئەم دیاردەیە زیاتر شێوازی تێگەیشتنی مرۆڤ لە دنیای دەوروبەری پیشاندەدات، تا ئەوەی جووڵەی ڕاستەقینەی شتەکان، بۆ نموونە:

١٢. ئەو تولە ڕێیە تا سەر کانییەکە دەڕوات.

١٣. پەرژینەکە لە گردەکەوە تا دەریاچەکە دەڕوات.

١٤. ئەم ڕێگایە سەردەکەوێت بۆ گوندەکە.

١٥.دۆڵەکە بەرەو دەریاکە دادەبەزێت.

لەم نموونانەدا، ڕێگا، پەرژین یان دۆڵ هیچ جووڵەیەکی ڕاستەقینە ناکەن، بەڵام بەو شێوەیە پەسندەکرێن کە دەجولێن، بۆیە گوێگر ڕێگاکە یان شتەکە گۆشەکیانە دەپشکنێت.

لە جولەی ڕاستەقینەدا شتێک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەجولێت، واتە شوێنی دەگۆڕێت، وەک ڕۆیشتنی ئۆتۆمبێلێک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، یان جولەی مرۆڤێک، بەڵام لە جولەی خەیاڵیدا، شتەکە بە ڕاستی ناجوولێت، بەڵام زمان بە شێوەیەک بەکاریدەهێنێت، کە وەک ئەوە بێت بجولێت، بۆیە چاو یان بیرو هۆشمان بە خەیاڵ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەڕوات، لەبەرئەوە جووڵەکە لە جیهانی دەرەوە ڕوونادات، بەڵکو تەنها لە هەڵهێنجانی هۆشەکیی بینەردا دروستدەبێت.

لە زماندا واتای کردارە جوڵاوەکانی وەك( ڕۆیشتن، بردن، سەرکەوتن، دابەزین،کەوتن، ڕژان، گەیاندن...هتد) لە ڕاستیدا بۆ جوولەی فیزیکی دانراون، بەڵام لێرەدا فراوانکراون بۆ دەرخستنی پەیوەندی شوێنی/فەزایی نێوان شتەکان، نە پەیوەندیان بە جووڵە خۆیەوە هەیەو نە پەیوەندیان بە گۆڕانکارییەکانی دۆخەوە هەیە. (جولەی خەیاڵی کۆمەڵێک دەربڕینی زمانییە، کە تیایاندا جولەی ماددی بنەمای دروستبوونی دەربڕینەکەیە، بەڵام مەبەستی سەرەکی گواستنەوەی زانیارییەکی ترە لە ڕێگەی دروستکردنی وێنەیەکی مەجازی. جیاوازی نێوان جولەی ڕاستەقینە و جولەی خەیاڵی ئەوەیە، کە لە جولەی ڕاستەقینەدا، شتی جوڵاو بەردەوام شوێنی خۆی لە کاتی تێپەڕبوودا دەگۆڕێت، بەڵام لە جولەی خەیاڵیدا، ئێمە تەنها بە هۆی ئاوەزمانەوە ڕێگایەکی خەیاڵی بە شێوەیەکی هۆشەکی دەگەڕێین) (Langacker,2008:529) لە نموونەی(١٢) دا چاوەکانمان بە شێوەیەکی هۆشەکی شوێن ڕێگای خەیاڵکراوی (تولە ڕێیەکە بۆ سەر کانییەکە) دەکەن و لە (١٥) چاوەکانمان بە شێوەیەکی هۆشەکی (لە دۆڵەکەوە بۆ دەریاچەکە) دەپشکنن.

## ٧-١/٢) جۆرەکانی جولەی خەیاڵی:

(تالمی، ٢٠٠٠) جولەی خەیاڵی بۆ دوو جۆر دابەشدەکات:

### ١. ڕێگای هاوڕووبەری coextension:

لە دەربڕینە پەیوەندییە فەزاییە جێگیرەکاندا بەکاردەهێنرێت، وەک لە نموونەی (پەرژینەکە). "ڕێگای هاوڕووبەری فۆرم، ئاراستە، یان شوێنی تەنێکی/شتێکی فراوانکراوی فەزایی پیشاندەدات لەڕووی ڕێڕەوێکەوە بەسەر مەودای تەنەکە/شتەکەدا" (Talmy, 2000 : 138). پەرژینەکە جێگیرە و ناجولێت تا ڕێڕەوی پەسنکراو ببڕێت. گوێگر هۆشەکیانە دەزانێت، کە ئەو شتانە جێگیرن و ناجوولێن، بەڵام بەهۆی بەکارهێنانی کردارە جووڵاوەکان، وێنەیەکی جوولەی خەیاڵی لە ئاوەزیدا دروستدەبێت، لە نموونەی( ١٥) دا (دۆڵ) جێگیرەو ناجولێت، بەڵام پێڕەوێکی درکپێکردنی تر، بە هۆی وشەکانی جولەوە، وەک (دادەبەزێت) هەستێکی جولە دروستدەکات، ئەم جولە خەیاڵییە یارمەتی دەدات بۆ پەسنکردنی شێوە، هێڵ و شوێنی (دۆڵەکە).

### ٢. ڕێگای دەرچوون/emanation:



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

لەم جۆرەدا، هێڵێکی نادیار و خەیاڵی لە شتێکەوە سەرچاوە دەگرێت، لە ڕاستیدا ئەو هێڵە بوونی ماددی نییە، بەڵکو تەنها لە هەڵهێنجانی هۆشەکیی گوێگردا دروستدەبێت، بە هێڵێکی ڕاست بە بۆشاییدا دەڕوات و لەسەر تەنێکی/شتێکی ئامانجدا کۆتایی پێدەهێنرێت، کە لە ڕاستیدا هیچ شتێک ناجووڵێت لە جوڵانەوەدا نییە. ئەم جۆرە جووڵە خەیاڵییە ئەم جۆرە لاوەکیانەی هەیە، بڕوانە (Talmy,2000:103-104):

**١. ڕێگای ئاماژەکردن :**

لەم جۆرەدا هێڵێکی ئاڕاستەدار لە سەرەوەی شتێک، وەک تیرێک، دەردەچێت و ئاڕاستەی شتێکی تر پیشاندەدات.بۆ نموونە:

١٦. ئەم تیرە بەرەو شارەکە ئاماژەدەکات.

لەنموونەیەدا (تیر) ناجولێت، بەڵام هەست دەکەیت هێڵێک لە نووکی تیرەکەوە بەرەو شارەکە دەڕوات، ئەو هێڵە لە دەرەوە بوونی نییە، تەنها لە هۆشماندایە.

**٢ .ڕێگای تیشکدانەوە:**

لەم جۆرەدا تیشک یان ڕووناکی لە تەنێکی تیشکدەرەوە دەردەچێت دەگاتە شتێکی تر و کۆتایی دێت، بۆ نموونە:

١٧. ڕووناکی لە خۆرەوە بۆ ناو ئەشکەوتەکە دەچوو .

لەم نموونەیەدا ڕووناکی وەک شتێکی جوڵاو دەبینین، هەرچەندە لە فیزیکدا دەگوترێت فوتۆنەکان دەجولێن، بەڵام مرۆڤ فوتۆنەکان بە چاو نابینێت. بۆیە ئەو جوڵەیە لە ئاوەزی ئێمەدا دروستدەبێت، نەک لە ئەزموونی ڕاستەوخۆمان.

**٣. ڕێگای هەستکردن:**

لەم جۆرەدا، بینین یان سەرنجدان وەک ئەوە وێنا دەکرێت،کە هێڵێک لە بینەرەوە بەرەو شتی بینراو دەڕوات.بۆ نموونە:

١٨.ا. چاوێکم بە بیرەوەریەکاندا گێڕا.

ب. سەیرێکی ڕابردووم کرد.

لەم نموونانەدا، چاو یان بینین بە ڕاستی ناجووڵێت، بەڵام ئاوەزی مرۆڤ هێڵێکی خەیاڵی دروستدەکات، کە لە بینەرەوە بەرەو شتەکە دەچێت، ڕێڕەوی دەرچوون لە جۆرەکانی جووڵەی خەیاڵیدا تایبەتمەندیی خۆی هەیە، هەموو جۆرەکانی تێیدا هێڵێکی خەیاڵی لە سەرچاوەیەکەوە دەردەچێت و دەگاتە ئامانجێك، بەڵام شێوەی سەرچاوە و جۆری هێڵەکە لە هەر جۆرێکدا جیاوازە. بەم شێوەیە، جۆرەکانی جووڵەی خەیاڵی نیشاندەدەن، کە زمان تەنها وێنەدانەوەی

جیهانی دەرەوە نییە، بەڵکو شێوازی هەڵهێنجان و ڕێکخستنی ئەزموونی مرۆڤیش دەنوێنێت. بۆیە جووڵەی خەیاڵی یەکێکە لە بەڵگە هەرە بەهێزەکانی ئەوەی، کە واتا لە هۆشی مرۆڤدا دروستدەبێت، نەک تەنها لە تایبەتمەندییە فیزیکییەکانی جیهانی دەرەوە.

## ٢/٢) بەرجەستەکردنProminence :

لە زانستی زمانی درکپێکردندا، بەرجەستەکردن یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی هەڵهێنجان، کە پەیوەندی بە چۆنیەتی تێگەیشتن و پێشکەشکردنی واتای دەربڕینە زمانییەکان هەیە. ئەم چەمکە ئاماژە بەو میکانیزمە هۆشەکییە دەکات، کە لە ڕێگەیەوە قسەکەر دیاریدەکات کام بەش یان توخم لە بارودۆخێکدا زیاتر سەرنجی گوێگر ڕادەکێشێت، کام بەش وەک پاشبنەما یان زانیاریی لاوەکی دەمێنێتەوە.

بە واتایەکی تر، لە هەمان ڕووداو یان دۆخدا، هەموو توخمەکان لە ڕووی گرنگییەوە یەکسان نین، بەڵکو زمان بە شێوەیەکی هۆشەکی و هەڵبژێردراو هەندێک توخم بەرجەستە دەکات و هەندێکی تر کەمتر دەخاتە بەرچاو. ئەمەش پەیوەستە بەوەی، کە چۆن ئاوەزی مرۆڤ واتا ڕێکدەخات وکام زانیاری بە سەرەکی دادەنێت(Duong, 2021:5) . لە چوارچێوەی زمانەوانیی درکپێکردن، بەرجەستەکردن زۆرجار لە ڕێگەی چەند دیاردەیەکی دیاریکراووە دەردەکەوێت، وەک (چوارچێوەی سەرنج، شێوەوپاشبنەما وپرۆفایل).

## ١-٢/٢) چوارچێوەی  سەرنج Window of attention:

چوارچێوەی سەرنج یەکێکە لە بنەڕەتیترین پێکهاتەکانی هەڵهێنجانی واتایی لە زمانەوانیی درکپێکردندا. ئەم چەمکە ئاماژە بەوە دەکات، کە ئاوەزی مرۆڤ چۆن زانیارییەکانی ژینگە ڕێکدەخات و لە نێوان هەموو ئەو زانیارییانەدا تەنها هەندێکی دیاریکراو هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی ببنە ناوەندی سەرنج. بەم پێیە، چوارچێوەی سەرنج بەشێکی دیاریکراوی ڕووداو دەخاتە ناو چوارچێوەی پێشکەشکردن، لە کاتێکدا بەشەکانی تر کەمتر دیار دەبن یان پشتگوێدەخرێن (Langacker, 2008: 428). هەموو زانیارییەکان لە یەک ئاستی گرنگیدا نین، بەڵکو ئاوەز بە شێوەیەکی خۆکار هەندێکیان هەڵدەبژێرێت و زمانیش ئەم هەڵبژاردنە دەردەبڕێت بۆ نموونە ڕێگای جوڵەیەک لە خاڵی( دەستپێک ، ناوەڕاست و خاڵی کۆتایی) پێکدێت، وەک لە نموونەی (١٩) دا دیارە:

١٩.ا. ئەم پاسە لە کوردساتەوە، بەناو کارێزەوشکدا دەڕوات بۆ (ناو) بازاڕ.

ب. ئەم پاسە لە کوردساتەوە دەڕوات.

پ. ئەم پاسە بەناو کارێزەوشکدا دەڕوات.

ت.ئەم پاسە بۆ بازاڕ دەڕوات.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

له نموونەی (١٩.ا)دا، چوارچێوەی سەرنج هەموو ڕێڕەوی جوڵەکە دەگرێتەوە، لە (١٩.ب)دا سەرنج لەسەر دەستپێکی ڕێگاکە چڕ دەبێتەوە، لە (١٩.پ)دا ناوەڕاستی ڕێڕەوەکە دەبێتە ناوەندی سەرنج و لە (١٩.ت)دا کۆتایی ڕێگاکە بەرجەستە دەکرێت.

ئاوەز بە شێوەیەکی خۆکار تەنها ئەو زانیارییانە هەڵدەبژێرێت، کە پێویستن، چونکە توانای پێشکەشکردنی هەموو زانیارییەکان لە یەک کاتدا نییە. بۆ نموونە لە دۆخێکی کۆبوونەوەی گەورەدا، تەنها دەنگ و قسەی ئەو کەسە دەبیسترێت، کە سەرنجمان لەسەریەتی یان دەتوانیت ناوی خۆت ببیستیت، لە کاتێکدا زۆرێک لە دەنگەکانی تر پشتگوێدەخرێن. بەم شێوەیە، چوارچێوەی سەرنج وەک پرۆسەیەکی هۆشەکی کاردەکات،کە بەهۆیەوە توخمە دیاریکراوەکان دەخرێنە پێشەوە و زانیارییەکانی تر کەمدەکرێتەوە. هەروەها زمان وەک ئامرازێک بۆ ئاڕاستەکردنی سەرنج کاردەکات و دیاریدەکات کام لە توخمەکان زیاتر گرنگی پێدەدرێت. نموونەیەکی ناسراو، کە بە ڕوونی ئەم خاڵە دەخاتە ڕوو، دۆخی مامەڵەی بازرگانییە، کە فیلمۆر لە سیمانتیکی چوارچێوەیدا[3] پێشکەشیکردووە، بەپێی (فیلمۆر ١٩٨٢) بۆ تێگەیشتن لەو کۆمەڵە وشانەی، کە پەیوەندیان بە چوارچێوەی ڕووداوە بازرگانییەکانەوە هەیە، وەک کڕین، فرۆشتن، پارەدان، خەرجکردن، وەرگرتنی پارە، تێچوون و هتد، پێویستە سەرەتا چوارچێوەی گشتیی ئەو ڕووداوە بازرگانییە بناسین. کە بریتییە لە دابینکردنی پاشخان و پاڵنەر بۆ ئەو پۆلانەی، کە ئەم وشانە نوێنەرایەتیان دەکەن. لە ڕوانگەی فیلمۆرەوە، ڕووداوێکی بازرگانی لە چوار توخمی سەرەکی پێکهاتووە: کڕیار، فرۆشیار، کاڵا و پارە (Fillmore,1982: 116-117). واتای ئەم وشانەش لە چوارچێوەی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی نێوان ئەم چوار توخمەدا دەردەکەوێت، چونکە جەوهەری ئەو ڕووداوە بریتییە لە ئاڵوگۆڕکردنی کاڵا بەرانبەر پارە. هەمان ڕووداوی بازرگانی دەتوانین بە شێوەی جیاواز باسی بکەین، وەک لە نموونەی (٢٠) دا دەردەکەوێت:

٢٠.ا. من کتێبێکم کڕی .

ب. ئەو کتێبێکی فرۆشت .

پ. من ١٠ هەزارم پێدا .

ت. کتێبەکە بە ١٠ هەزارە .

لە نموونەی(٢٠.ا) سەرنج لەسەر کڕیارو کاڵایە، لە (٢٠.ب) دا لەسەر فرۆشیار و کاڵایە، لە (٢٠.پ) دا سەرنج لەسەر پارەکەیە و لە (٢٠.ت) دا نرخی کاڵا دەخرێتە پێشەوە، هەرچەندە هەموو ئەم ڕستانە هەمان ڕووداو دەردەبڕن، بەڵام هەریەکەیان لایەنێکی جیاواز لە هەمان چوارچێوەی بازرگانی بەرجەستە دەکات. لەم ڕوانگەیەوە، واتای کردەیی و سیمانتیکی وشەکان بە تەنها پەیوەندیدار نین بە شێوازی لێکسیکییان، بەڵکو بە ئاڕاستەی سەرنج و چوارچێوەی هۆشەکییەوە دیاریدەکرێن. بڕوانە شێوەی ژمارە(١)، کە لە ( Radden, 2008:9) وەرگیراوە.

٣. بۆ زانیاری دەربارەی سیمانتیکی چوارچێوەیی بڕوانە (حسین:٢٠٢٦)



شێوەی ژمارە (١) توخمەکان و پەیوەندییەکانی چوارچێوەی (ڕووداوی بازرگانی)

کرداری (کڕین) لە چوارچێوەی مامەڵەی بازرگانیدا ئەو لایەنەی ڕووداو بەرجەستە دەکات، کە تێیدا کڕیار پارە بە فرۆشیار دەدات و کاڵاکە وەردەگرێت، بۆیە هەردوو توخمی (کڕیار و کاڵا) دەبنە ناوەندی سەرنج، بە پێچەوانەوە کرداری(فرۆشتن) ئەو لایەنەی هەمان ڕووداو بەرجەستە دەکات، کە تێیدا فرۆشیار کاڵاکە بە کڕیار دەدات و پارە وەردەگرێت ، بۆیە (فرۆشیار و کاڵا) دەبنە ناوەندی سەرنج. هەردوو کردارەکە هەمان چوارچێوەی مامەڵەی بازرگانی پێشکەشدەکەن، بەڵام هەر یەکەیان لایەنێکی جیاوازی ئەو چوارچێوەیە دەخاتە ناوەندی سەرنج. (نرخ) پەیوەندی نێوان پارە و کاڵا بەرجەستە دەکات، چونکە بڕی پارە بەرانبەر کاڵا دیاریدەکات. لە بەرانبەردا (تێچوون) پارەی خەرجکراو لە ڕوانگەی کڕیارەوە دەخاتە بەر سەرنج و کاڵاکە وەک بنەمای ئەو خەرجییە دەردەخات، هەرچەندە لە هەندێک بارودۆخدا کڕیاریش بە شێوەیەکی لاوەکی لە چوارچێوەی سەرنجدا ئامادەیە.

بەم پێیە، هەڵبژاردنی کردارێکی دیاریکراو تەنها هەڵبژاردنی فۆرمی زمان نییە، بەڵکو دیاریکردنی ئەوەشە، کە کام بەش لە چوارچێوەی ڕووداوەکە دەبێتە ناوەندی سەرنج و کام بەش کەمتر بەرجەستەدەکرێت. ئەو توخمانەی لە ناوەندی سەرنج نین، یاخود ناویان ناهێنرێت، یان بە شێوەیەکی سەرپشکی ئاماژەیان پێدەکرێت. بەم شێوەیە، زمان ڕێگە بە قسەکەر دەدات هەمان ڕووداو لە خاڵی سەرنج و ڕوانگەی جیاوازەوە پێشکەشبکات (Radden & Dirven, 2007:27). لە نموونەکانی (٢١)دا، بەشداربووە سەرپشکییەکان لەناوکەوانەدان.

٢١.ا. ئازاد دوکانەکەی [بە یەك ملیۆن دینار لە زانا ]گرتووە.

ب.زانا دوکانەکەی [بە کرێ] دا بە ئازاد [بە یەك ملیۆن دینار].

پ.ئازاد یەك ملیۆنی داوە [بە زانا بۆ دوکانەکە].

ت.ئازاد یەك ملیۆن دیناری [بە دوکانەکە] دا.

ج.زانا یەك ملیۆن دیناری [لە ئازاد ] وەرگرتووە [بۆ دوکانەکە].

چ. تێچووی دوکانەکە [بۆ زانا] یەك ملیۆن بوو.

ئەم نموونانە پیشانیدەدەن، کە گۆڕینی کردار، شوێنی سەرنج و شێوازی ڕێکخستنی بەشداربووان لە ڕستەدا دەگۆڕێت، ئەمەش پەیوەندیی نێوان سیمانتیکی کردار و پێکهاتەی ڕێزمانیی ڕستە دەردەخات، بڕوانە (کانەبی،٢٠١٥ :١٠٤-١٤٨)، هەروەها لە نموونەی (٢٢) دا واتای (نرخی گونجاو) بەستراوە بە بکەری بەشداربووەکانەوە:

٢٢.ا. ئازاد بە نرخێکی گونجاو دوکانی گرتووە.

ب. زانا بە نرخێکی گونجاو دووکانەکەی بە کرێدا.

لەنموونەی (٢٢.ا)دا ، واتای وایە کڕیار پارەیەکی زۆری نەداوە بە گرتنی دوکانەکە، لە کاتێکدا لە (٢٢.ب)دا واتای وایە فرۆشیار پارەیەکی باشی دەستکەوتووە لەو ئاڵوگۆڕەدا بۆیە، واتای هەڵسەنگێنراوی دەربڕینەکە بە گوێرەی ئەو توخمە دەگۆڕێت، کە کردارەکە بەرجەستەی دەکات. لەبەرئەوە هەر کردارێک سنووری تایبەتی خۆی بۆ دیاریکردنی ناوەندی سەرنج هەیە. بۆ نموونە، کردارەکانی (تێچوون) و(خەرجکردن) بە سروشتی خۆیان سەرنج بۆ پارە و کڕیار ڕادەکێشن و ناتوانن فرۆشیار وەک ناوەندی سەرنج بەرجەستە بکەن، هەرچەندە فرۆشیار بەشێکی گرنگی چوارچێوەی مامەڵەی بازرگانییە. ئەمەش پیشانیدەدات، کە بەرجەستەکردن تەنها هەڵبژاردنی قسەکەر نییە، بەڵکو بە سنوورە سیمانتیکی و ڕێزمانییەکانی کردارەکانیشەوە بەندە.

**٢-٢/٢) شێوەو پاشبنەما/Figure and Ground:**

کردەیەکی تری هەڵهێنجان، کە گرنگییەکی زۆری لە زمانەوانیدا هەیە، بریتییە لە شێوەو پاشبنەما، ئەم چەمکە یەکەمجار لەلایەن (لیۆنارد تالمی ١٩٧٨) یەوە هاتە ناو زمانەوانی درکپێکردنەوە. لە پەیپێبردنی بینراودا، زۆرجار یەک توخم دەبێتە ناوەندی سەرنج و وەک شێوە دەبینرێت. ئەم توخمە بە شێوەیەکی دیار و یەکگرتوو دەردەکەوێت و لەسەر بنەمای ئەو شتانەی دەوری دەگرن، کە بە پاشبنەما دانراون، ناسراو دەبێت.

هەروەک (تالمی، ٢٠٠٠) ئاماژەپێدەدات، شێوە و پاشبنەما لە دیمەنێکی فەزاییدا دوو چەمکی ڕێژەیی و پەیوەستن بە یەکترەوە و هەر یەکەیان تەنها لە پەیوەندی بە ئەوی دیکەوە واتا وەردەگرێت. شێوە ئەو بوونەیە، کە لە ناو دیمەنەکەدا بە شێوەیەکی چەمکی وەک شتێکی جووڵاو دەبینرێت. شوێن، ڕێڕەو یان ئاراستەی ئەم بوونە گۆڕاوە و ئەو بەشەیە، کە سەرنجی بینەر یان قسەکەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت. لە بەرانبەردا، پاشبنەما بوونێکی ئاماژەپێکراوی جێگیرە، کە وەک خاڵی ئاماژەدان کاردەکات و شوێن یان جووڵەی شێوە بە پێوەری ئەو دیاری دەکرێت. بۆیە شێوە و پاشبنەما دوو چەمکی پەیوەست بە یەکترن و تێگەیشتن لە یەکێکیان بەبێ ئەوی دیکە تەواو نابێت (Talmy, 2000:184).

جیاوازیی شێوە و پاشبنەما تەنها تایبەت نییە بە زمان، بەڵکو بنەمایەکی گشتیی درککردنی مرۆڤە. لە زۆربەی دیمەنە بینراوەکاندا، مرۆڤ بە شێوەیەکی خۆکارانە یەک توخم وەک ناوەندی سەرنج هەڵدەبژێرێت و توخمەکانی دیکە وەک پاشبنەما ڕێکدەخات. ئەم ڕێکخستنەی درککردن دواتر لە زمانیشدا ڕەنگدەداتەوە. بۆ نموونە، کاتێک باڵندەیەک لە

ئاسماندا دەبینین، زۆرجار باڵندەکە وەک شێوە و ئاسمان وەک پاشبنەما چەمکدەکرێت، چونکە سەرنجمان بۆ باڵندەکە ڕادەکێشرێت و ئاسمان تەنها چوارچێوەی ناساندنی ئەوە. ئەمە پیشانیدەدات کە پێش ئەوەی لە زماندا شتێک دەربیرین، لە ئاستی درککردندا شێوە و پاشبنەما پێکهاتوون. بروانە نموونەی ( ٢٣):

٢٣.تۆپەکە لەسەر مێزەکەیە.

لەم نموونەیەدا تۆپەکە شێوەیەو و مێزەکە پاشبنەمایە ، چونکە مەبەست شوێنی تۆپەکەیە و مێزەکە تەنها خاڵی ئاماژەدانە.

٢٤.باڵندەکە لەسەر لووتکەی منارەکەیە.

لە نموونەی ( ٢٤) دا، کاتێك باڵندەیەك دەفڕێتە سەر لوتکەی منارەیەك، باڵندەکە دەبێتە شێوە و منارەکەش دەبێتە پاشبنەما، زیاتر دیار و جووڵاوترە و قەبارەکەی بچووکترە، بۆیە سەرنج ڕادەکێشێت. شتی بچووکترو جوڵاوتر بە شێوە دادەنرێت، شتی گەورەتر و جێگیرتر بە پاشبنەما دادەنرێت، نائاساییە بوترێت (سەرەوەی منارەکە لە ژێر باڵندەکەدایە) چونکە توخمێکی جێگیر و گەورەی وەک (منارە) وەک شێوە پێشکەشدەکرێت و توخمێکی بچووک و جووڵاوی وەک (باڵندە) وەک پاشبنەما، کە ئەمەش دژ بە بنەمای شێوە و پاشبنەمایە.

ئەگەر دوو بوونەکە لە ڕووی قەبارە و دەرکەوتنەوە یەکسان بن، ئەوا دەتوانرێت شێوە و پاشبنەما ئاڵوگۆڕ بکرێن. ئەم دیاردەیە لە دەروونناسیی درکپێکردندا بە (پێچەوانەکردنەوەی شێوە و پاشبنەما)ناسراوە. بۆ نموونە، لە وێنە ( ١)دا، کە لە (Radden & Dirven, 2007:29) وەرگیراوە، لەوانەیە لە ساتێکدا وەک گوڵدانێکی سپی ببینرێت و لە ساتێکی دیکەدا وەک دوو ڕووخساری ڕەش، کە بەرانبەر یەکترن .بەڵام ئێمە ناتوانین لە هەمانکاتدا هەم گوڵدانەکە و هەم دوو ڕووخسارەکە ببینین.



وێنەی ژمارە(١ ) هەڵگەڕانەوەی شێوە و پاشبنەما

هەمان شت لە زمانیشدا ڕوودەدات. بۆ نموونە، ئەگەر بروانینە نموونەکانی (٢٥):

٢٥.ا. سینەماکە لە نزیک سوپەرمارکێتەکەیە.

ب. سوپەرمارکێتەکە لە نزیک سینەماکەیە.

لێرەدا هەر یەکێک لە سینەماکە یان سوپەرمارکێتەکە دەتوانێت وەک پاشبنەما کار بکات بۆ دیاریکردنی شوێنی بوونەکەی تر، کە وەک شێوە دەبینرێت. زمانی کوردی، وەک زۆر زمانی تر، پاشبنەما بە بەکارهێنانی فرێزی پێشناوی دەردەبڕێت. لەمەوە ئەوە دەردەکەوێت ، کە شێوە و پاشبنەما شتێکی جێگیر نین .هەمان دوو شت دەتوانن بە گوێرەی مەبەستی قسەکەر ڕۆڵی خۆیان بگۆڕن. لە نموونەی (٢٥.ا) دا (سینەماکە) شێوەیە و (سوپەرمارکێتەکە) پاشبنەمایە، بەڵام لە نموونەی (٢٥.ب) دا (سوپەرمارکێتەکە) شێوەیە و (سینەماکە) پاشبنەمایە. لەم نموونانەدا هەرچەندە دۆخی فەزایی نەگۆڕاوە، بەڵام بە گۆڕینی ناوەندی سەرنج، ڕۆڵی شێوە و پاشبنەما ئاڵوگۆڕ دەبێت. ئەمە پیشانیدەدات کە شێوە وپاشبنەما تایبەتمەندییەکی هۆشەکییە، نەک تایبەتمەندییەکی ماددی.

ڕاستیی بارودۆخەکە نەگۆڕاوە، بەڵکو تەنها ئەوە گۆڕاوە کە سەرنجمان خستووتە سەر کام بەشەی دیمەنەکە. ئەمە بۆ ئەم نموونەیە ڕاستە ڕەنگە هەردوو بیناکە نزیکبن لە ڕووی قەبارەوە بەڵام لەنموونەیەکی وەك ( ٢٦.ب) دا، ناپەسەند دەردەچێت، لە بنەڕەتدا پێچەوانەبوونەوەی یەکترن و ڕستەی (٢٦.ا) قبوڵکراوە، لە کاتێکدا ڕستەی (٢٦.ب) لە ڕووی واتاوە بە نائاسایی دادەنرێت، لەبەرئەوەی خانوو چەسپاوەو نەجوڵاوە، بەڵام پاسکیل دەجوڵێت

٢٦.ا. پاسکیلەکە لە نزیک [خانووەکەیە].

ب. [خانووەکە] لە نزیک پاسکیلەکەیە.

لەم نموونانەدا پاسکیلەکە، شێوەیە و خانووەکەش، پاشبنەمایە هۆکاری ئەوەی پاسکیل، وەک شێوە هەڵبژێردراوە ئەوەیە کە قەبارەی بچووکتر، جووڵاوتر و سەرنجراکێشترە، لە کاتێکدا خانوو گەورەیە و وەک خاڵی ئاماژەدان جێگیر و ناسراوترە.

(تالمی، ٢٠٠٠ ) باس لەوە دەکات، کە چۆن چەمکە واتاییەکانی شێوەو پاشبنەما لە ڕێزمانی ڕستەدا دەردەکەون، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا شێوە پێش پاشبنەما دەردەکەوێت، لە ڕستەی ناکارادا شێوە زۆرجار لە شوێنی بکەر دەردەکەوێت پاشبنەما لە شوێنی بەرکار. لە ڕستەی کارادا کاتێک کارا بووە بە بکەر، شێوە دەبێتە بەرکاری ڕاستەوخۆ و پاشبنەما دەبێتە بەرکاری ناڕاستەوخۆ. هەندێک جار، وەک لە نموونەکانی(٢٧) دیارە:

٢٧.ا. دووکەڵ ژوورەکەی پڕکرد.

ب. ژوورەکە پڕبوو لە دووکەڵ.

شوێنی ڕێزمانی ناوەکان دەگۆڕێت، بەڵام ئەرکی واتاییان هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە، لە هەردوو ڕستەکەدا دووکەڵ هەر شێوەیەو ژوورەکە هەر پاشبنەمایە. جیاوازی نێوان ئەم دوو شێوازە زۆرتر پەیوەندی بە گۆشەی سەیرکردن هەیە تا بە گۆڕانی ڕۆڵی شێوە و پاشبنەما (بە بۆچوونی تاڵمی یاسای پێشکەوتنی شێوە تەنها بۆ ناوەکان نییە، بەڵکو لە ڕستە ناسادەکانیشدا کاردەکات، شێوە لە ڕستەی سەرەکی و پاشبنەما لە ڕستەی لاوەکیدا دەردەکەوێت) بڕوانە (Talmy,

(2000:334-335 .لە کۆتایدا دەردەکەوێت  شێوە و پاشبنەما تەنها دوو ڕۆڵی واتایی نین، بەڵکو دوو میکانیزمی سەرەکیی هەڵهێنجانی هۆشەکین، کە ئاڕاستەی سەرنج، ڕێکخستنی دیمەنی هۆشەکی و شێوازی دەربڕینی زمان دیاریدەکەن. بۆیە گۆڕینی شێوە و پاشبنەما، هەرچەندە ڕاستیی دۆخەکە ناگۆڕێت، بەڵام شێوازی تێگەیشتن و پێشکەشکردنی دۆخەکە بە تەواوی دەگۆڕێت.

**٣-٢/٢) پرۆفایل:**

پرۆفایل یەکێکە لە چەمکە بنەڕەتییەکانی ڕێزمانی درکپێکردن ئەم چەمکە باس لەوە دەکات، کە هەر دەربڕینێکی زمانی تەنها بەشێکی دیاریکراو لە چوارچێوەیەکی چەمکیی فراوان دەخاتە بەر سەرنج، لە کاتێکدا بەشەکانی دیکەی ئەو چوارچێوەیە وەک بنەما  لە پاشبنەما دەمێننەوە. واتە هیچ یەکەیەکی زمانی بە سەربەخۆی واتا دروستناکات، بەڵکو واتاکەی لە ناو دۆمەینێکی چەمکیی فراواندا دەستنیشان دەکرێت و تەنها بەشێکی تایبەتی ئەو دۆمەینە پرۆفایل دەکرێت. پرۆفایل ئەو توخمەیە کە لە ناو بنەمایەکی چەمکییدا بەرجەستە دەکرێت و ناوەندی واتای دەربڕینەکە پێکدەهێنێت، لە کاتێکدا بنەما ئەو زانیارییە چەمکییە فراوانەیە کە پرۆفایلی لەسەر بنیاددەنرێت(Radden & Dirven, 2007:30) .

بۆ نموونە، لە وشەی یەکشەممەدا، ڕۆژی یەکشەممە پرۆفایلە، بەڵام حەفتە بنەمای چەمکییە، چونکە بەبێ چەمکی حەفتە ناتوانرێت واتای یەکشەممە درکبکرێت. هەروەها ئەنیشک پرۆفایلی پەیوەندی نێوان بازوو و قۆڵە، لە کاتێکدا جەستەی مرۆڤ دۆمەینی چەمکیی ئەم پەیوەندییەیە. "بۆ دیاریکردنی ئەوەی ئاخۆ یەکەیەکی چەمکی دۆمەینێکی ڕاستەوخۆی هەیە یان نا، دەتوانرێت تاقیکردنەوەی (بەشێکە لە...) یان (جۆرێکە لە...) پەیوەندی بەکاربهێندرێت"(Duong, 2021:17)، بۆ نموونە:

- نینۆک بەشێکە لە پەنجە .
- پەنجە بەشێکە لە دەست .
- گۆشە جۆرێکە لە چوارگۆشە.

ئەم تاقیکردنەوانە پیشانیدەدات، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی چەمکی لەنێوان یەکەکاندا هەیە.

لەبەر ئەم هۆیە، ڕستەکانی (١.٢٨) و (١.٢٩) سروشتین، بەڵام (٢٨.ب) و (٢٩.ب) ناسروشتین.

١.٢٨. پەنجەکانی دەستی پڕە لە موستیلە.

ب. *پەنجەکانی قۆڵی پڕن لە موستیلە.

لە (١.٢٨)دا پەنجە ڕاستەوخۆ بەشێکە لە دەست، بۆیە پەیوەندی چەمکییەکە ئاسان درکدەکرێت، بەڵام لە (٢٨.ب)دا پەنجە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشێکی قۆڵ نییە، پەیوەندییەکە لە ڕێگەی دەستەوە دروستدەبێت، بۆیە دۆمەینی چەمکی دوورتر دەبێتەوە و ڕستەکە ناسروشتی دەردەکەوێت. هەمان شت لە نموونەی (٢٩)یشدا دەبینرێت:

٢٩.ا. کتێبێکی سێ سەد پەڕەییم کڕی.

ب. *کتێبخانەیەکی سێ سەد پەڕەییم هەیە.

ژمارەی پەڕە ڕاستەوخۆ تایبەتمەندی کتێبە، نەک کتێبخانە، بۆیە تەنها (٢٩.ا) لە ڕووی چەمکییەوە گونجاوە. پرۆفایل تەنها لە ناوەکاندا نابینرێت، بەڵکو لە کردارەکانیشدا ڕۆڵێکی بنەڕەتی هەیە. هەر کردارێک بەشێکی جیاواز لە پێواژۆی کاتی ڕووداو بەرجەستە دەکات. هەندێک کردار بەردەوامی ڕووداو پرۆفایل دەکەن، لە کاتێکدا هەندێکی تر خاڵی گۆڕانکاری یان کۆتایی ڕووداو دەخەنە ناوەندی سەرنج( Verhagen, 2007:49 ). بۆ نموونە:

٣٠. بیردەکەمەوە.

٣١. نامەکە دەخوێنمەوە.

لەم دوو نموونەیەدا، سەرنج لەسەر بەردەوامی کردارەکەیە و دەستپێک و کۆتایی کردارەکە پرۆفایل ناکرێت.

٣٢. وەفدەکە گەیشت.

٣٣. برینداره‌کە مرد.

لەم دوو نموونەیەدا، سەرنج لەسەر خاڵی گۆڕانکارییە، واتە ساتێکی دیاریکراو ، کە تێیدا دۆخی ڕووداو گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەردا دێت. بۆیە ئەم کردارانە پرۆفایلی ئەنجام یان خاڵی گۆڕان دەردەبڕن، نەک بەردەوامی ڕووداو. بۆیە کردارەکانی (بیرکردنەوە) و (خوێندنەوە) پێواژۆیەک پیشاندەدەن، کە بەردەوامە و لە ماوەی کاتی سەرنج پێدراودا گۆڕانێکی گرنگ تێیدا ڕوونادات واتە خاڵی سەرەتا و کۆتایی گرنگ نییە تەنها بەردەوامی کردارەکە گرنگە. بەڵام (گەیشتن) و (بەڵێندان) پێواژۆیەک پیشاندەدەن، کە لە ساتی سەرنج پێدراودا گۆڕانێکی بنەڕەتی تێیدا ڕوودەدات. کەواتە پرۆفایل پیشاندەری ئەوەیە زمان هەمیشە تەواوی چوارچێوەی چەمکی نانوێنێت، بەڵکو بە هەڵبژاردنی بەشێکی دیاریکراو لەو چوارچێوەیە، واتای سەرەکی دروستدەکات. بەم شێوەیە، جیاوازیی واتایی نێوان زۆر وشە و کردار نەک لە جیاوازیی بنەماکانیان، بەڵکو لە جیاوازیی ئەو بەشەدا دەردەکەوێت کە لە ناو ئەو بنەمایە پرۆفایل دەکرێت.

**ئەنجام:**

١. زمان لە ڕوانگەی زمانەوانیی درکپێکردنەوە تەنها پێڕەوێکی وشە و ڕێزمان نییە، بەڵکو واتا لە ئەنجامی کارلێکی نێوان هەڵهێنجانی هۆشەکیی قسەکەر، بارودۆخی قسەکردن و ئەزموونی مرۆڤ دروستدەبێت. بەمەش ڕووندەبێتەوە، کە واتا تەنها لە دەقەکەدا نییە، بەڵکو لە شێوازی تێگەیشتن و هەڵهێنجانی بەکارهێنەری زمانیشدا پێکدێت.

٢. بنەماکانی زمانەوانیی درکپێکردن چوارچێوەیەکی زانستی و گونجاون بۆ شیکردنەوەی واتا لە زمانی کوردیدا. شێوازی پێشکەشکردنی هەمان ڕووداو دەتوانێت بە پێی هەڵوێست و بۆچوونی قسەکەر، هەڵبژاردنی توخمە گرنگەکان و ئاراستەکردنی سەرنج بگۆڕێت، بێ ئەوەی ڕاستیی ڕووداوەکە بگۆڕێت. بەمەش جیاوازیی دەربڕاوە زمانییەکان زۆرجار لە ئەنجامی جیاوازیی لە شێوازی هەڵهێنجاندا، نەک جیاوازیی لە خودی ڕاستیدا دروستدەبن.

٣ . ئاستی وردبینی لە هەڵبژاردنی وشە و پڕۆفایلکردنی چەمکەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر واتا هەیە، چونکە هەر یەکەیەکی زمانی تەنها بەشێکی دیاریکراو لە چەمکێکی فراوان بەرجەستە دەکات. بۆیە جیاوازیی لە هەڵبژاردنی وشە دەتوانێت ببێتە هۆی جیاوازیی لە تێگەیشتن و وێنەی هۆشەکیی وەرگر.

٤. مرۆڤ ڕووداوەکان بە شێوەی زنجیرەیی یان کۆکراوە هەڵدەهێنجێت، هەروەها زمان دەتوانێت بێ بوونی جوڵەی فیزیکی، وێنەی جوڵە و گۆڕاو لە هۆشدا دروستبکات. ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە هۆش و خەیاڵ ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە دروستبوونی واتا هەیە.

٥ . پەیوەندیی نێوان توخمەکان لە زماندا لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی شێوە و پاشبنەما دادەمەزرێت، کە ئەمە لە ڕێکخستنی ڕستە و واتاسازیدا ڕەنگدەداتەوە، واتە قسەکەر بە هەڵبژاردنی ئەو توخمەی دەبێتە ناوەندی سەرنج، شێوازی پێشکەشکردنی دۆخەکە دیاریدەکات.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

سەرچاوەکان:


- کانبی، دلێر صادق (٢٠١٥ )، تیۆریی بارگەخستن و ڕۆنانی ڕستە، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
- عبدالله، گۆنا عمر(٢٠٢٣)، تۆڕبەندی ڕێزمانی وشە لە زمانی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
- ئیبراهیم، شیلان ڕەحیم (٢٠١٩)، نەخشاندنی کۆزانیاری وشەیی لە فەرهەنگی ئاوەزیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
- غەریب، نالی ئەدهەم (٢٠١٦)، درکپێکردنی مێتۆنیمی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- حسین، هێرش عوسمان(٢٠٢٦)، چێوە واتاییەکانی شێوازی ئاخاوتنە بەبەردبووەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- ئەحمەد، محمد کەریم(٢٠٢٢)، درکپێکردنی وێنەی میتافۆڕی لە کۆدی شعریدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- Abdulkareem, M. A., & Mubarak, A. S. (2022). The construalization of sequential scenes in Dan Brown’s The Da Vinci Code: A cognitive semantic study. International Journal of Linguistics, Literature and Translation.
- Evans, V., & Green, M. (2006). Cognitive Linguistics: An Introduction. Edinburgh University Press.
- Duong, H. B. (2021). Construal and its representative forms in cognitive linguistics. Journal of Science, Dalat University, 11(2), 3–15.
- Evans, V., Bergen, B. K., & Zinken, J. (2007). Cognitive Linguistics: An Introduction. Edinburgh University Press.
- Fauconnier, G. (2014). Cognitive linguistics. In M. Tomasello (Ed.), The New Psychology of Language: Cognitive and Functional Approaches to Language Structure. Psychology Press.
- Fillmore, C. J. (1982). Frame semantics. In Linguistic Society of Korea (Ed.), Linguistics in the Morning Calm . Hanshin Publishing Company.
- Langacker, R. W. (1991). Foundations of Cognitive Grammar, Volume I: Theoretical Prerequisites. Stanford University Press.
- Langacker, R. W. (2008). Cognitive Grammar: A Basic Introduction. Oxford University Press.
- Radden, G. (2008). The cognitive approach to language. In J. Andor, B. Hollósy, T. Laczkó, & P. Pelyvás (Eds.), When Grammar Minds Language and Literature: Festschrift for Prof. Béla Korponay on the Occasion of his 80th Birthday. Institute of English and American Studies.

- Radden, G., & Dirven, R. (2007). Cognitive English Grammar. John Benjamins Publishing Company.
- Talmy, L. (2000). Toward a Cognitive Semantics: Volume II: Typology and Process in Concept Structuring. MIT Press.
- Verhagen, A. (2007). Construal and perspectivization. In D. Geeraerts & H. Cuyckens (Eds.), The Oxford Handbook of Cognitive Linguistics (pp. 48–81). Oxford University Press.

resources:

• Kanbi, Dilêr Sadiq (2015), Theory of Sentence Loading and Oil, Mukriani Printing House, Erbil.

• Abdullah, Gona Omar (2023), Word Grammar Network in Kurdish, PhD Thesis, Sulaimani University.

• Ibrahim, Shilan Rahim (2019), Mapping lexical information in Awazi dictionary, PhD thesis, Sulaimani University.

• Gharib, Nali Adam (2016), Understanding Metonymy in Kurdish Language, Master's Thesis, College of Language, Sulaimani University.

• Hussein, Hersh Osman (2026), Semantic Forms of Fossil Speech in Kurdish, Master's Thesis, College of Language, Sulaimani University.

• Ahmad, Mohammed Karim (2022), Understanding Metaphorical Images in Poetic Code, Master's Thesis, College of Language, Sulaimani University.

- Abdulkareem, M. A., & Mubarak, A. S. (2022). The construalization of sequential scenes in Dan Brown's The Da Vinci Code: A cognitive semantic study. International Journal of Linguistics, Literature and Translation.
- Evans, V., & Green, M. (2006). Cognitive Linguistics: An Introduction. Edinburgh University Press.
- Duong, H. B. (2021). Construal and its representative forms in cognitive linguistics. Journal of Science, Dalat University, 11(2), 3–15.
- Evans, V., Bergen, B. K., & Zinken, J. (2007). Cognitive Linguistics: An Introduction. Edinburgh University Press.
- Fauconnier, G. (2014). Cognitive linguistics. In M. Tomasello (Ed.), The New Psychology of Language: Cognitive and Functional Approaches to Language Structure. Psychology Press.

- Fillmore, C. J. (1982). Frame semantics. In Linguistic Society of Korea (Ed.), Linguistics in the Morning Calm . Hanshin Publishing Company.
- Langacker, R. W. (1991). Foundations of Cognitive Grammar, Volume I: Theoretical Prerequisites. Stanford University Press.
- Langacker, R. W. (2008). Cognitive Grammar: A Basic Introduction. Oxford University Press.
- Radden, G. (2008). The cognitive approach to language. In J. Andor, B. Hollósy, T. Laczkó, & P. Pelyvás (Eds.), When Grammar Minds Language and Literature: Festschrift for Prof. Béla Korponay on the Occasion of his 80th Birthday. Institute of English and American Studies.
- Radden, G., & Dirven, R. (2007). Cognitive English Grammar. John Benjamins Publishing Company.
- Talmy, L. (2000). Toward a Cognitive Semantics: Volume II: Typology and Process in Concept Structuring. MIT Press.
- Verhagen, A. (2007). Construal and perspectivization. In D. Geeraerts & H. Cuyckens (Eds.), The Oxford Handbook of Cognitive Linguistics (pp. 48–81). Oxford University Press.